سەید حەکیم داوا لە دەوڵەتە گەورەکان دەکات بەرپرسیارێتی هەڵگرن لە هەورکردنەوەی دەخی ناوچەکەدا



بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی پێشوازی لە نووسینگەی خۆی لە بەغدا پێشوازی لە بەڕێز عرفان سدیقی بالیۆزی بەریتانیا لە عێراق کرد و لەم دیدارە باس لە پەیوەندی دوو قۆڵی نێوان بەغدا و لەندەن و پێشهاتە سیاسییەکانی عێراق و ناوچەکە کرا.

بەڕێزیان تەئکیدیشیکردەوە کەعیراق قۆناغێکی سەختی لە داخرانی سیاسی تێپەڕاندووە و توانیوێتی مافە دەستوورییەکان تەواو بکات،. هەروەها تەئکیدی لەسەر گرنگی تەواوکردنی کابینەی حکومەت و دانانی وەزیری لێهاتوو کرد کە توانای بەڕێوەبردنی قۆناغی ئێستا و وەڵامدانەوەی خواستەکانی هاوواڵتیانیان هەبێت.
سەماحەتی حەکیم ئاماژەی بەوەدا کە دیارترین کابەری لە بەردەم عێراق لەم قۆناغەدا کابەری ئابووریە و بۆیە داوای هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی داهات و هەمەجۆرکردنی دەروازەکانی هەناردەکردنی نەوتی عێراقی کرد بەشێوەیەک کە سەقامگیری ئابووری بەهێز بکات و دەرفەتی گەشەپێدانی بەردەوام بپارێزێت، هەروەها دووپاتی لەسەر گرنگی کرانەوەی عێراق بەووی ژینگەی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا و بنیاتنانی باشترین پەیوەندی لەگەڵ هەمووان لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش و ڕێزگرتن لەسەروەری دەوڵەتان کردەوە و سەبارەت بە پەرەسەندنەکانی ناوچەکەش ، جەنابی داوای ڕێگریکردنی لە گرژییەکان و گەڕاندنەوەی سەقامگیری کرد و داوای لە وڵاتە گەورەکان کرد.